تره‌مپ هه‌ڕه‌شه‌ی سپاندنی باجکی زۆر به‌رز به‌سه‌ر ڕوسیادا دەدات



دۆناڵد تره‌مپ سه‌رۆکی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا ڕایگه‌یاند، ئه‌گه‌ر نه‌گه‌نه‌ هێڵکه‌وتن و ڕاگرتنی شه‌ڕی ئۆکرانیا، ئه‌مریکا له‌ماوه‌ی 50 ڕۆژدا "باجکی زۆر به‌رز" به‌سه‌ر ڕوسیادا ده‌سه‌پێنێت.

دۆناڵد تره‌مپ له‌ میانی دیداره‌که‌یدا له‌گه‌ڵ مارك ڕوته‌ سکرتێری گشتی ناتۆ له‌ ئۆفیسی ئۆڤاڵ، به‌ڕۆژنامه‌نوسانی ڕاگه‌یاند، بڕهیوا بوه‌ له‌ ڤلادمیر پوتن هاوتا ڕوسییه‌که‌ی و "زۆر ناڕازییه‌" له‌ پوتن له‌سه‌ر شه‌ڕی ئۆکرانیا.
ئاماژه‌ی به‌وه‌شکرد، "ئه‌گه‌ر له‌ ماوه‌ی 50 ڕۆژدا هێککه‌وتن نه‌کرێت، باجی زۆر توند ده‌سه‌پێنین، ئه‌مانه‌ی تا ئێستاش سه‌پێندراون باجی لاوه‌کین و ئه‌وانه‌ی داهاتو 100% قورس ده‌بن".

تره‌مپ جه‌ختیکرده‌وه‌ که‌ ده‌یه‌وێت شه‌ڕی ئۆکرانیا ڕابگرێت و "نائومێدی" خۆی له‌ ڤلادمیر پوتن سه‌رۆکی ڕوسیا ده‌ربڕی .

دەشێت، "پوتن و نەتەنیاھۆ ئاستەنگ لە خەونەکەی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی دروست دەکەن".

سەبارەت بەچەکی وێاتەکەشی، تەمپ وتی، ئەمریکا باشترین ئامێر و باشترین موشەك و "باشترین ھەمو شتێك" دروست دەکات، ئەم چەکانەش دەنێرن بۆ ناتۆ لەبەرامبەریشدا " ناتۆ پارەی ئەو چەکانە دەدات".